حكومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن وپلاندانان وبەدواداچون
بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
الدائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة
مديرية القبول المركزي

ژمارە: ١٨٦٤٤
ڕێکەوت: ٥/ ٩/ ٢٠٢٣ی زایینی
٥/ ٧/ ٢٧٢٣ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

بۆ / گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێم

ب / وەرگرتن

سڵاو و ڕێز

پاڵپشت بە مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتنی قوتابیان / خوێندکاران لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بڕیار درا بە وەرگرتنی ئەو قوتابی / خوێندکارانەی ناویان لە هاوپێچدا هاتووە لە زانکۆکانی هەرێم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بە هەر پێنج سیستەمەکانی (زانکۆلاین ، پاراڵێل ، ئێواران ، پیشەییەکان ، قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان) بۆ ئەنجام دانی کاری پێویست لە تۆمارکردنیان پشت ببەسترێت بە کارتی بەشداری ئەزموونەکانی گشتی یان هەر ناسنامەیەکی ڕەسمی لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:-

١- تۆماری کۆلێژ و پەیمانگەکان بەرپرسن لە تۆمارکردنی ناوی قوتابییە وەرگیراوەکان.

دڵنیابوون لە تەمەن و باری دەرچوونی قوتابی/ خویندکار لە ئەستۆی زانکۆکەتانە (تەمەنی قوتابی/ خوێندکار لە (30) ساڵ زیاتر نەبێت بۆ خوێندنی (بەیانیان) ئەمە (کۆلێژ و بەشەکانی پەروەردەی وەرزش) یش دەگرێتەوە ، وە بۆ خوێندنی (پاراڵێل) تەمەنی پێشکەشکار نابێت لە (35) ساڵ زیاتر بێت بۆ کۆمەڵەی پزیشکی (پزیشکی ، پزیشکی ددان ، دەرمانسازی) وە (40) ساڵ بۆ کۆلێژ و پەیمانگەکانی تر وە (30) ساڵ بۆ کۆلێژی وەرزش).

٢- قوتابی وەرگیراو هەموو بەڵگەنامە پێویستییەکان لەگەڵ بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی پێشکەش بە لێژنەی تایبەت دەکات بۆ بەراوردکردنی کۆنمرەی قوتابی/ خوێندکار لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ، وە ئاگادارکردنەوەمان لە هەر هەڵەیەک بۆ چارەسەرکردنی بەزووترین کات.

٣- ئەگەر باری قوتابی/ خوێندکار شیاو نەبوو بۆ ئەو بەشەی کە لێی وەرگیراوە پاڵپشت بە ڕاپۆرتی پزیشکی ، ئەوا دەگەڕێندرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن بۆ دووبارە دابەش کردنەوەی لە شوێنێکی گونجاوتر لەگەڵ باری تەندروستی قوتابی/ خوێندکار بە پێی کەمترین کۆنمرەی وەرگیراو. بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ /** لیستی ناوی قوتابیان/ خوێندکارانی وەرگیراو.

**ئارام ابراهيم قنبر**
بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتن

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / بۆ زانینی بەڕێزتان لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بە دواداچوون / بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، گەرمیان / بەڕێوەبەرایەتی بڕوانامەکان ، تکایە بۆ زانین و کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی ناوەندی وەرگرتن / لەگەڵ بەرابیەکان.
- دەرکردە.